# ڕەفیق سابیرو ماندێلای کورد !

رزگار عومەر

لە ژمارە 3641 ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا ، کاك ڕەفیق سابیری شاعیر، وتارێکی بە ناونیشانی ( سەرۆك کۆماری ئازادی ) بڵاوکردۆتەوە ، کە ووتارەکەیم خوێندەوە سەر سوڕمانیەکی گەورە دایگرتم ، لەو موجامەلە بێ تامانەی کە نووسەرو شاعیرێکی دیاری نێوەندی ڕۆشنبیری ناچار دەکا ، سەربەخۆیی خۆی و خەرمانی داهێنانەکانی ڕابردوو توانەکانی ئێستای خۆشی ، وا بە ئاسانی لە نووسینێکی لاوازو پڕ لە لۆژیکی دیعایەسازی هەڕاج بکا ، سەر سوڕمانی دایگرتم لەو میکانیزمەی کە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی لە ڕابردوو لە ئێستادا ، لەقەبی گەورە گەورە لە چەشنی (ڕۆناکبیری گەورەی گەلەکەمان ، سیاسەتمەداری گەورە ، ...هتد ) بە سەر ئەم شاعیرو ئەو نووسەر دابەش دەکا ، خاوەن ئەم لەقەبانەش لە دونیای ڕاستیدا بە ئەسپایی ئەم دیو و ئەو دیوی هەڵوێستەکان دەکەن ، بەرژەوەندی مانەوەی لەقەب لەلایەك ، لە لایەکی تریش وەرگرتنی جێگەو ڕێگەی تازە لە گۆڕانکاریە تازەکاندا پاڵیان پێوە دەنێ ، لە دەربڕینی هەڵوێستەکانیان پێ لە زانست و لە سادەترین پرەنسیبەکانی نووسینی ئەکادیمی ، پێ لە مێژووی بەردەستمان و لە هۆشیاری ڕای گشتی بنێن ، ئەو نووسینەی کاك ڕەفیق سابیریش نموونەیەکی زەق و زیندووی ئەم هەڵوێستانەیە کە ناکرێ بە بێدەنگی بە سەرمانا تێپەڕێ .

کاك ڕەفیق لەم ووتارە زۆر پەلەی کردووە ، پەلە پەلی کردووە لە بەخشینی ئەو موژدانەی کە هەڵبژاردنی مام جەلال لە گەڵ خۆی دەهێنێ ، باوەشێك لە موژدە کە مام جەلال پێش هەڵبژاردنی خۆشی تەنانەت یۆ دیعایەی هەڵبژاردنیش باسی لێوە نەکردوەو قەت نەیکردووە بە ماڵ بە سەر خۆی ! کاك ڕەفیق لە یەکێ پەرەگرافەکانی سەرەتای ووتارەکەی وەکو نووسەرێکی ئەکادیمی نا ، وەکو نیگارکێشێك وێنەی ئەمڕۆی بارودۆخەکەمان بۆ جوان دەکاو دەڵێ :-

*((..لە وولاتێکی فرە نەتەوەیی ناوچەکەدا ، کە بە ناوەندی شۆفینیزم وستەمی نەتەوەی ناسراوە ، کەسایەتی سیاسی ، کە نوێنەری نەتەوەی بندەستە ، بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار هەڵدوبژێرێت ، بەمەش یەکێك لە لە گرنگترین (موحەرەمات) کانی دەوڵەتی ناسیۆناڵ لە ڕۆژهەلاتی نێویندا دەگۆردرێت بە خورافە ))*

ڕاستیەکەی ئەوەی شاعیری باش بێ مەرج نیە موجامەلەچی و نیگارکێشی باش بێ ، چونکە ئەگەر ئەو موجامەلەیە کاك ڕەفیق تەرجومەی زمانی عەرەبی بکرێ ، لە میدیای عەرەبیدا بلاّو بکرێتەوە و برا بەشەکانی دەسەلاّتی سیاسی لە عێراق لە (ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامیەکان ) بیخوێنەوە ئەوا نیگەران دەبن و مام جەلالیش لە تاوانێك کە نەیکردووە ، تووشی ئیحراجی دەبێ ، بۆیە مام جەلال بێ گوێ دانە ئەو موجامەلەیەی کاك ڕەفیق و هەموو ئەو بلیمەتانەی گەلەکەمان کە ئەمڕۆ خەریکی ئەم سەنعەتەن ، کارەکان بۆ خۆی ئاسان دەکاو لە خیتابەکەی خۆیدا ، برا بەشەکانی دەسەلاّت لە عێراقدا دڵنیا دەکاتەوە کەئەو درێژە دەری هەمان پرۆژە دەبێ ، لەوێ مام جەلال ووتی :

*((... بۆ ئەوەی عێراق بە سەربەزیەوە بگەڕێتەوە بۆ نێو کاروانی مرۆڤایەتیی پێشکەوتوو و چوارچێوە ئیسلامی عەرەبیەکەی و حکومەتەکەشی لە هاوبەندی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕۆڵی جیدیانەی خۆی ببینێ و بتوانێ لە گەڵ میللەتانی عەرەب و ئیسلامیشدا هاوکاریەکی دروست و کاریگەریانە بنوێنێ ))*

لە درێژەی قسەکانیدا کاك ڕەفیق ، فلّچە دەهێنێ و دەبا بە هەر نرخێك بێ دەیەوێ تابلۆی دڵخوازانەی خۆی بە بەراورد کردنی ناکۆك بە یەك بە سەر خوێنەر ساخ کاتەوە ، ئەو هیچ سڵ ناکاتەوە لە دیماگۆجیەتی ئەو نموونانەی کە بۆ بەهێزکردنی ووتارەکەی خۆی دەیهێنێتەوە ، پەرەگراف لە دوای پەرەگراف ڕیز دەکا ، بۆ بەراورد کردن و شوبهاندنی بارودۆخی ئێستای عێراق لە گەڵ بارودوخی ڕوخانی ڕژێمی ئاپارتاید لە ئەفریقادا ، تا بتوانێ قەناعەت بە خوێنەریش بێنێ کە مام جەلالیش نوسخە عێراقیەکەی ماندێلایە ، کاك ڕەفیق لەم بارەیەوە دەڵێ :-

*(( مام جەلال وەك ماندێلا، دەتوانێ ماناو ناوەڕۆکێکی نوێ بە پۆستی سەرۆك کۆمار بدات و ئەم پۆستە بگۆڕێ بۆ کایەکی دیکەی داهێنان و گۆڕانکاری . جەنابی وەك سیاسەتمەدارێکی ڕووناکبیرو بە ئەزموون ، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ خەباتی دژی ستەم وبۆ ئازادیی گەلەکەی تەرخان کردووە ، دەتوانێت کۆمەڵی عێراق بە کولتورێکی سیاسی نوێ ئاشنا بکات وکۆمەڵە پرەنسیپێکی سیاسی نوێ  بۆ پێکەوە ژیانی یەکسانانەو ئازادانەی گەلانی عێراف دابهێنێت ))*

مام جەلال و ماندێلا ، دوولیدەری سیاسی ئەرزو ئاسمانیان فەرقە ، ئەزموونی هەریەکەیان مێژووی جیاوازو بە کەرەستەی جیاواز نووسراوەتەوە ، ژیانی سیاسی ماندێلا سەفەرێکە بۆ سەپاندنی ماف بوون بێ ئەوەی ڕۆژێك ئەندێشەی پاوانخوازی دەسەلاّت بە خەیاڵیا هاتبێ ، ئەزموونی ماندێلا بە قوربانی کردنی عومرێك بوو، بۆ چاندنی فەرهەنگی دژ بە توندو تیژی و کوشتن و برین ، ماندێلا بێ ئەوەی ڕیزێ لە ماستاوچی و پرۆفیسۆرو بلیمەتی هەبێ ، نوێنەرایەتی گەورەترین خەباتی هیۆمانیزمی سەر گۆی ئەم زەمینەی کردو قەتیش دوو ڕوویی نەکردە عادەت لە سیاسەت کردن ، ماندێلا چەندین جار هەڵی بۆ دروست دەبوو سازش بکاو دەستی بە بەرژەوندی شەخسی و دەسەلاّت بگا ،

بەلام نەیکرد ، نەك لەبەر ئەوەی حەزی نەدەکرد لە زیندان نەجاتی بێ ، نەیکرد لەبەر ئەوەی پرۆژەکانی ئەو ، خەونەکانی ئەو ، ئەندێشەو خەونی گشتی هەمووان بوو ، بە پێچەوانەی ئەمەش مام جەلال لە تازەترین ڕەخنە کە لە حیزبەکەی خۆیدا بەرەو ڕووی بەرز بۆوە ، خاڵی وای تیایە کە نەك وتارەکەی کاك ڕەفیق بەڵکوو کتێبی دەیان بلیمەتی تر ناتوانێ پینەی بکا ، لە بەختی ڕەشی کاك ڕەفیق و مامەش ، مێژووش نەك وەکو کتێبێکی تۆز لێ نیشتوو ، بەڵکو وەکو دیاردەیەکی زیندوو ئامادە لە نێوماندا ، فلیمێکی جیاواز لە چەشنی ڕابردووی ماندێلامان نیشان دەدا ، فلیمێك بە پێچەوانەی وێنە ڕەش و سپیەکانی kurdsat ڕەسمی تری دەیەی شەستەکانی تێدایە ، ڕەسمی پشت ئاشان و 5000کوژراوی شەڕی ناوخۆی دەیەی نەوەدەکانی تێدایە ، ڕەسمی لیوایەك لە پاسداری ئێرانی کە لەسەر چیای هەیبە سوڵتانەوە تۆپ دەگرنە بارەگای حیزبێکی ئەو نەتەوە ژێردەستەی کاك رەفیق موژدەیان پێ دەدا .

کاك ڕەفیق بێجگە لەو هەڵسەنگاندنەی کە لەم ووتارەی خۆیدا تێ ی کەوتووە ، بۆ بە هێز کردنی لایەنی تەعبیری ووتارەکەی خۆی ، بۆ تەواو کردنی جوانکاری ئەو تابلۆیەی تا ماوە بێ کڕیار بەسەرشانیەوە دەبێ ، پەنا دەباتە بەر دەربڕینی شیعری و دەڵێ :-

***(( بۆیە هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆك کۆماری عێراق لەو ڕوداوە گرنگانەیە کە دەتوانێت واقیع بگۆڕێ حورمەتێك بۆ عەدالەت بگێڕێتەوە .دەتوانێت هیوایەکی نوێ بە گەلە بندەستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بدات و سەرەنجام ژیان جوانتر بکات )) !!!***

مێژوویەك هەیە لە هەڵوێست لە نوقم کردنی مام جەلال و سەرکردەکانی دەسەلات لە کاریزمایەکی دەستکردو توانایەکی ئەفسانەیی ، پێش کاك ڕەفیق زۆر کەسی تر کردوویەتی ، نەزار قەبانی شاعیریش بێ بەری نەبووە لەم مێژووە ، ئەویش لە سەنعەتی دروست کردنی کاریزماو ئەفسانە بە دەوری سەرکردەیەکی عەرەبدا ، بە دەوری سەدام حوسێن دا ، دەڵێ :-

***(( گرنگیترین لایەنی کەسێتی سەرۆك سەدام حسێن ، ئەوە قودرەتە سەرسامەیە کە دونیا لە چوار دەورتا جوانتر بکا و ..خۆزگەکان گەورەتر بکا . بە تێکشکاوی هاتم بۆ بەغدا کەچی سەدام حسێن پارچەکانمی بە یەکەوە نووساندەوە ، کافر ببوم بە دەستی هەڵس و کەوتی عەرەبەکان ، کەچی سەدام حسێن دەمارەکانمی هێور کرد و ئیمانداری کردمەوە .. هاتم و ناخم پڕ بوو لە تورەیی و گەردەلوول تەقینەوە بوو ، کەچی سەدام حسێن پەردەکانی کردەوەو دڵنیای کردمەوە کە بووژانەوە بە ڕێوەیەو سەر لە نوێ خۆر هەڵدێتەوە .. ، لە بەغدا دەگەڕێمەوەو گیانم پڕە لە خۆرەتاو و خۆشی ، سوپاس بۆ سەدام حسێن کەڕەنگی سەوزی تکانە نێو چاوانم))***

کاك ڕەفیق نەدبووایە ئەمەی کردایە ، لەبەر خاتری حەمەی حەلاق کە سالأنێك هاو حیزب و هاوخەبات بوون ، نەدەبووایە ئەمەی کردایە بۆ ڕێز گرتن لە شاعیرێکی کوژراوی شاری سلێمانی بۆ بەکرعەلی ، نەدەبووایە ئەمەی کردایە لە بەر خاتری خۆی ، لەبەر خاتری شیعر .


**سەرچاوەکان :-**

1- سەرۆك کۆماری ئازادی . د. ڕەفیق سابیر . کوردستانی نوێ .ل 8 ژمارە 3642
2- دەقی ووتاری مام جەلال . کوردستانی نوێ . ل4 ژمارە 3639
3- انطفأ نزار ومازالت قصائده مشتعلة .مجلة :المشاهد السياسي .عدد: 113


**کلیکی ئێرە بکە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکەی رەفیق سابیر**